# مامۆستایەکی جنێو فرۆش

**محەمەد گەلاڵەیی_سۆران**

mohammad_soran@yahoo.com

کات نۆو چل خولەکی بەیانییە، شوێن زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی مێژووی کورد وانەی "کوردی ئەیوبی" مامۆستایەکی مەلەفدار لە رژێمی بەعسی عێراقی ڕووخاو، لەدوای کورسیو مێزێکی شڕی تۆزاوی وانەکە دەڵێتەوە، کۆمەڵێك خوێندکاری پاكو رەسەنی کوردیش لە دیارییەوە لەسەر کورسییە ساردو سڕەکان دانیشتیون، غار غارو دەنگی پێی خوێندکاران هۆڵەکەی پڕکردبوو لە ژاوە ژاو، لە هیکرا کچە خوێندکارێکی درەنگ کەوتوو خۆی بە ژوورەکەدا کردو روخسەتی لە مامۆستای وانەکە وەرگرت، کە بێتە ژوورەوە، مامۆستاکە لێی پرسی: بۆ کچم درەنگ هاتیو لە کوێ بووی، ئەمە وانەی دووەمە، کچێ بۆ نازانی مامۆستا هەیە لە بەشەکەی تۆ و ماڵەکەی نیو سەعات دوورە لە شاری هەولێر، ئینجاش پێش تۆ و چەند خولەکێك دەگاتە زانکۆ ها، هاوپۆلە"کچە" داماوەکەمان، کە ڕاوەستابوو لەبەردەم ئەفسەری قسە خۆشی زانکۆی سەلاحەددین، ببوورن مامۆستاکە دەڵێمو بیرم چووە زوو ناوی بێنم، هاتە ئاخافتنو ووتی: "مامۆستا پاسی چل مەتری درەنگ هاتو ڕێگاش زۆر قەربالغ بوو، نەمتوانی لەکاتی دیاریکراوی وانەکە بگەم،" کچەکە هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو، کە کوڕە خوێندکارێکی هاوپۆلی لەسەری هاتە قسەکردنو بە مامۆستای وانەی ووت: " کاك دکتۆر، ئەو مامۆستایەی تۆ باسی دەکەیو ماڵی نیو سەعات دوورە لە شاری هەولێر، پێش ئێمەش دەگاتە زانکۆ ئەوە خزمی فلانە مەنسوولو کاربەدەستە، بە سەیارەی تایبەت دێت بۆ زانکۆ خۆ وەکو ئێمەمانان نییە نیو کاتژمێر چاوەڕێی پاس بکاتو ئێنجاش بە سەعاتێك بگەین بۆ زانکۆ،" کوڕە خوێندکارەکە دەیوست قەناعەت بە مامۆستاکە بێنێتو قسەکانی لە کاتی کۆتایی دابوون، ڕاستەوخۆ مامۆستاکە کەوتە جنێو دان پێیو ئاوهای پێ ووت: "بێ تەربیەت، بێ قیمەت، بێ ئەخلاق، بۆ تۆ حمامی وی" ڕاستەوخۆ هەموو پۆلەکەو خوێندکارەکانی ناوی تووشی شۆك بوون، کە ئەم قسانەی مامۆستایەکی زانکۆ بن، من ئەوکاتی وامزانی لە "بازارگای شێخەلا" لەگەڵ کەسێکی نەخوێندەوارو نارۆشنبیر قسە دەکەین، کە خۆمو هاوپۆلەکانم بووە بە دەمەقاڵە لە نێوانماندا، وامزانی ئەمە قسەکانی سەر شەقامن، بەلام من نەم زانی قسەکانی ناو هۆڵەکانی وانەکانی زانکۆی سەلاحەددین بن، کە بە زانکۆی دایك ناودەبرێت، کەچی ئەم قسە و دیاردانە ئەبینیت، زانکۆت لە پێش چاوت دەبێتە مەهزەلەیەك کە گەمە بە ڕا، هەستو دەروونی بەرامبەر بکەیتو خۆشت پێ فەیلەسوف بێت، لەهەمان کاتیشدا ڕەخنە لەهەموو لایەنێك لە کۆمەڵگا بگریت، وابزانم ئەوەم بیرچووم بیڵم بۆتان، سەیرە مامۆستایەکی زانکۆ ئاستی بژێویو خزمەتگوزاری مامۆستایەکی زانکۆ لەگەڵ کچە خوێندکارێکی هەژاری داماو یەکسان بکات، ئەو پەیڤو ووشانەی لە زاری مامۆستای بەرامبەر ئەو کوڕە خوێندکارە ووترا، لە ئەنجامدا بەرامبەر ئێمەش بوو، چونکو تا ئەو چرکە ساتە هاوپۆلەکەمان" بێ تەربیەت، بێ قیمەت، بێ ئەخلاقو حمامی خۆڕایی نەبوو" بۆ ئەو فەزاییە دروست بوو، گەر ئەم فەزایەی ژوورەکەشمان ئەم خوێندکارەی بەرهەم هێنابێت، ئەوا ئەو مامۆستایە نیشتیمان پەروەرو زانسنخوازو نوێکارخوازەش..! بەدەر نییە لێیو مامۆستا گیان ببوورەو تۆش ئەم فەزایەتە دروست کردووە، هاوبەشمانی پێ ناخۆش نەبێت، بۆیە نامەوێت زۆر درێژەی بدەمێ لەسەر ئەم قسانەی مامۆستا جنێو فرۆشەکە، بەلام لێرەدا چەند پرسیارێك جێ دەهێڵم بۆ مامۆستایانی زانکۆ و سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین، گونجاوە مامۆستایەکی زانکۆ لە جیاتی بەخیشنی زانست، پێشکەوتنو نوێکاری بە خوێندکارەکانی، جنێویان پێ بفرۆشێت، ئایا حەقیقەتی پەروەردە

و فێرکردنە کە جنێو بە نەوەکانی ئایندەمان بدەین‌و لەسەر هیچ‌و خۆڕایی بەبێ تەربیەت ناویان بەرین، ئایا ڕاستە زانکۆ شوێنی بێ ئەخلاقانەو تاکەی ئەم بێ ئەخلاقییە بەردەوام بێت‌و رۆژ بەدوای رۆژ هەستی ئێمەمانان بریندار بکرێت بە قسەی ناشیرین، کە زانکۆ شوێنی بێ ئەخلاقە بۆ ئێمە لێی دەخوێنین، ئایا زانکۆو کایە مەعریفی‌و زانستیەکەی ئەوەندە بێ قیمەتن، تاوەکو ئێمەی بێ قیمەتی لێ دەربچێت، پۆلەکانی زانکۆمان داگیر کردبێت و پڕبووبێت لە بەها بێ قیمەتیەکان لە جیاتی بەها زانستی‌و مەعریفیەکان، ئایا زانکۆ شوێنی سەربازگەو کۆیلەکردنی خوێندکارە، یاخود شوێنی بەرگریکردن‌و پاراستنی خودی تاکەسی‌و بیری ئازادییە، گوناهە کە ڕاستی بلێی‌و بەرگری ڕەوایانە لە هاوپۆلەکەت بکەی، کە کچێکی لاوازی کۆمەڵگای ئێمەیە، ئەوجاش بە محامی وی‌و بە چوونە دەروە هەرەشەمان لێ بکەیت، جا من نازانم وەلامی ئەم هەموو پرسیاری خۆمم بدەمەوە، با بۆ سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین، مامۆستایانی زانکۆ، رەخنەگران،نوسەران،ء رۆژنامەنوسان ئەم وەلامانە جێ بهێلم‌و زیاتر دەوڵەمەندی بکەن.

تێبینی: هەر هاوپۆلەکەم کە زانی من لە رۆژنامە کار دەکەم، هات لەسەر کاغەزێك ناوی سیانی‌وئەو مامۆستاو رۆژی ڕوودانی ئەم کارەی هەمووی بۆی نووسیبووم، ووتی: لە شێوەی هەواڵ بۆم بلاوبکەوە، ئێستاش ئەو نووسینە لە لای من بۆتە بەڵگەیەك‌و بابەتەکەم لەسەر ئەو ڕووداوە نووسیوە، هەر کەسێك‌و لایەنێکیش داوا بکات، من ئەیدەمێ بە ئەمانەتەوە.